# کابینەی شەشەمو ستەمێکی تر لە ژن

**خەرامان محەمەد** ..............................

ژنان لە مێژە هەوڵیانداوە بێنە گۆڕەپانی کایەی سیاسییەوەو لەدوای شۆڕشی پیشەسازیەوە، ژن بوونێکی پۆزەتیڤیانەی هەبووە لەکایە کۆمەڵایەتییەکانو کۆششکردنو هاتنە مەیدانی چالاکی بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٢٠و بەپەسەندکردنی مادەی نۆزدەهەمی یاسای بنەمایی، ژنانی ئەمریکا توانیان مافی دەنگدان بەدەستبهێنن، هەرلەو ڕوانگەیەوە ئامارەکان لەساڵی ١٩٨٠ دەریانخست کە ڕێژەی دەنگدەرانی ژن زۆر تربووە لەپیاوان، ئەم بەشدارییە مانای بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریو بەشداریی سیاسیی لەبەرامبەر چارەنووسی کۆمەڵگەنشینان دەدات لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهاندا ژن لە ئاستە باڵاکانی کایە سیاسییو ئیداریەکانی وڵاتدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو لەبەشە هەستیارییەکاندا وەک سەرەک کۆمارو سەرەک وەزیران... هتد وڵاتی بەڕێوەبردووە، بەشێوەیەک هەبووە لەو ژنانە ماوەی سێ خولی ئیدارەی وڵات لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوەتەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکیش لەلایەن بانکی جیهانیەوە ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ئەو وڵاتانەی کە ژمارەی ژنانیان لەئەندامێتی پەرلەماندا زۆرترە گەندەڵی ئابووریو سیاسییان زۆر کەمترە لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی ژنانی سیاسیان کەمترە، ئەمانەو ڕۆژانە لەمیدیاکانەوە دەبینینو دەبیستین کە گەشەی سیاسیی ژن لەوڵاتاندا لەهەڵکێشاندایەو لەبازنەو ناوەندەکانی بڕیاردا بەڕێژەیەکی باشو بەرچاو دەردەکەون.

هەربۆیە لەدونیای ئەمڕۆدا پرسی ژن لە بازنەی سیاسەتدا لەسەر ئاستی جیهان کاری بۆ دەکرێت، چونکە ئەوە یەکلابووەتەوە کە بەڕێوەبردنی کایەکانی ژیانو بەسیستمی کردنیان بەبێ بوونی ژنو ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو توێژە، کەموکورت دێتو مانا پڕاوپڕەکەی ژیان ناتەواو دەردەچێت، چونکە بەشداری سیاسیی ژن پێویستییەکی ژیانی هاوچەرخەو هەرکۆمەڵگەیەک ئەم پێویستییە لەبەرچاو نەگرێت ئەوا هەرگیز ناتوانێ هەنگاوەکانی چاکسازیو گەشەی کۆمەڵگە بە ئاراستەی تەواودا ببرێت.



لەوڵاتی ئێمەش کە وڵاتێکی نیمچە دیموکراسییەو بەحساب کار بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ژنان لەکایە سیاسییەکاندا دەکرێتو ژنانیش هەوڵی تەواویان خستووەتەگەڕ بۆ گەیشتن بەناوەندەکانی بڕیار، کەچی لەکاتی ڕاگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانو سوێندخواردنی وەزیرەکان، ئەوەی کەتەسەورمان نەدەکردو چاوەڕوانی پێچەوانەکەی بووین دیتمان لەکۆی ١٩ وەزیر، تەنها وەزیرێکی ژنی تیدابوو، هەرئەمە ژنانی کوردستانی تووشی سەرسامی کرد، چونکە ئەو وەعدو بەڵێنانەی لەکاتی پروپاگەندەو هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەدران بەژنانو بەدروشمی جوانو هەنگوینی لەشێوەی حیکایەتە بەلەزەتەکاندا دەوترانو دەوترانەوە، کە هاتە سەربەکاراکردنو سەلماندنی بەڵێنەکانو دابەشکردنی کورسیو جانتا وزاریەکان ئەوە ژن بوونی نامێنێتو ئەو دروشمو بەڵێنانەش (وتمو نەمووت) وەک ئاوی پار دەڕوات، لەم کابینە نوێیەی حکومەتیشدا تەنها بۆ نوری چاوانو هێزی دڵان یەک جانتای ویزاری دەدرێتە ئەو توێژەی کە کردبوویانە سمبولی سەرکەوتنی لیستەکانو داردەستی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، کە ئەویش وەزارەتی کاروکارباری کۆمەڵایەتییە، لێرەدا لەبەهاو گرنگی ئەو وەزارەتە کەم ناکەمەوە، باسەکە لێرەدا جۆری وەزارەتەکە نییە، بەڵام ئەویش بۆخۆی خاترانەی پێوەدیارەو دیاریکردنی ئەو وەزارەتە بەکەم زانینی ڕۆڵی ژنە لەم وڵاتەدا، چونکە گەر پیاوانی کۆمەڵگە دانیپێدابنێن، ئەوا چەندین ژن هەن بتوانن کاری وەزارەتێکی فیعلیو هەر ناوەندو دەزگایەکی باڵا بگرنە ئەستۆ، خۆدەکرا وەزارەتی پەروەردە یان تەندروستی... هتد بدرێتە ژن.

ئەمەش پاش ئەوە دێت کە لەکابینەی پێنجەمدا وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان هەبوو، ئەویش کارا نەبوو یاخود کارا نەکراو بێ موئەسەسە بوو، لەبەر هەرهۆیەکیش بێت ئەو وەزارەتە دەستکەوتێکی نەوعی نەبوو بۆ ژن لەماوەی تەمەنی کاریدا، بۆیە دەبوو لەپاش ئەمە بیر لەوە بکرایەتەوە کە وەزارەتی فیعلیو ئەکتیڤ هەبێت بۆ ژنان، ئەویش نەبوو لەپەرلەماندایشدا دەنگی پێویست بەبوونی نەدراو لابرا.

گرنگیش بوو بەپێی ئەو ریژە (کۆتا)یەی کەدیاری کرابوو بۆ بەشدارییپێکردنی ژن لە پەرلەمانو وەزارەتەکاندا، بیر لەوە بکرایەتەوە چەند وەزارەتێک لەبەر بارودۆخی سیاسیی وڵاتو ڕاگرتنی هاوسەنگی کارەکانیش بوایە لەوڵاتەکەدا، ئەو ستەمە لەژن نەکرایە، یاخود ئەو مافە پێشێلنەکرایەو بەدانانی ژنانی لێهاتوو و بەتوانا هیچ نەبێت ڕێژەی (کۆتا)کە پێبکرایەتەوە .

لێرەدا دەکرێت بڵێین یان بپرسین هۆکار لەپشتی ئەم هەموو نەخوێندنەوەو ڕێگریانە چییە کەوا دەکەن ژنان بەپەراوێز بخرێنو لەئاستێکی ئاوا هەستیارو گرنگی وڵاتدا بەو شێوەیە حسابیان بۆ بکرێت کە لە ئەمڕۆدا هیچ پاساوێک جێگەی قبوڵ نییە بۆ ئەو پەراوێزخستنو ستەمە سیاسیانەی بەرامبەر ژنی کورد دەکرێتو ئەوەی جێگەی سەرسامییە ژنانیش هەڵوێستیان لاوازەو کەمتەرخەمنو یەک دەنگ نین بەرامبەر ئەم جۆرە پەراوێزخستنە، پێویستبوو ژنانی چالاکو ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانی پارتە سیاسییەکان لەمەڕ ئەو مەسەلەیە یەک هەڵوێست بنو داوایان بکردایە هیچ نەبێت بەپێی ئەو کۆتاو ڕێژەیە مامەڵە لەگەڵ ژنان بکرێت کە بۆیان دانراوە تا چیتر پارتەکان ژنان بۆ سومبولی هەڵبژاردنەکانو زۆربوونی ژمارەیان بەکارنەهینو چۆن لیستی ناوی پیاوان بەرزدەکەنەوە بۆ پەرلەمانو وەزارەتەکان بە هەمانشیوە لە بیری ناوی ژنانیشدا بن بەرەچاوکردنی تواناو شیاویتی لە هەردوو رەگەزدا.

# جلەکانی (فەنتەڵۆس) گەیشتن!

**کەتان خادیمی**..............................



(فەنتەڵۆس) ئەو دراما کوردییە بوو، کە توانی بەجلوبەرگی کارەکتەرەکانی سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بێگومان یەک ڕەنگ بوون، بەڵام چ یەک ڕەنگییەک؟ بەدەست خۆم نییە کە سەیری هەندێک قوتابی دەکەم بەجلوبەرگی ئامادەکراوی پەروەردەوە ئەکتەرەکانی ئەو درامایە دێنەوە پێش چاوم، دەپرسم لە کامە ناوچەو سەردەمی کوردستاندا کوڕان چاکەتو پانتۆڵی خەنەیی کاڵیان پۆشیوە؟! هەمووومان دەزانین منداڵان حەزدەکەن جلوبەرگەکانیان لە جلەکانی باوکو برا گەورەکانیان بکەن، نێرینە هەرچەندە لەسەرەتاییشدا بێت سەرتاپێ پرتەقاڵی لێ نایەت، یان کامە لە ئێمە چاکەتو پانتۆڵی سەوزی سنەوبەریمان بۆ کوڕەکانمان کڕیوە؟ نەگونجاندنی ڕەنگەکە لەلایەکو دوورینەکەشیان لە ڕەنگەکەی خراپترە لەلایەکی تر، هەربۆیە قوتابی دەبێتە مەخلوقێک هەروەک منداڵی ئەم سەردەمە نەبێت، دەپرسین داخۆ (پەروەردە) ڕای ئێمەی دایکانو باوکانی وەربگرتایە باشتر نەدەبوو؟ چونکە ئەوە ئێمەین هەمیشە حەزدەکەین مناڵەکانمان بەجوانترین پۆشاکەوە ببینین، نەک لە (قەرەقۆز)بچن، هەروەک خۆیان بۆ نمایشیکی سێرک ئامادەکردبێت نەک قوتابخانە!!.

یان بۆچی دایکانو باوکان نەبوون بەیەک دەنگو ئەو جلوبەرگەیان وەرنەگرتایە، پاش ئەوەی چەندین دەنگی ڕەخنەو گلەیی لەلایەن دایکانو باوکانو مامۆستایانو بەڕێوەبەرەکانەوە بەرزکرایەوە دەبوو بەرپرسانی پەروەردە بەتایبەت ئەوانەی سەرپەرشتی ئەم کارەیان کردبوو، لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە داوای لێبوردنیان بکردایەو دانیان بەو هەڵەیەیاندا بنایە. نەک داوای لێبووردن نەکرا، بەڵکو ئەو بەرپرسە بەڕێزەی کە ئەم کارەی ئەنجامدابوو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە وتی "باشترین جۆری قوماشمان دابینکردووە"و قەرزاربارێشی کردین بەوەی کە پارەی قەمسەڵەمان بۆ گەڕاوەتەوە ئەم زستانە مناڵان قەمسەڵە ناکڕن، پێدەچوو ئەو بەڕێزە دانیشتن لەبەر سپلێتداو هاتووچۆکردن بەئۆتومبێل کەشوهەوای کوردستانی لەبیربردبێتەوە.